# ئەوەتانێ

هەباس بۆسکانی

ئەوەتانێ ساتەکان کاتێ نابنە وەلامی هیچ ترپەیەکی دڵ،

ئەوەتانێ شەو بێ شەوق و شروق،

ئەوەتانێ مەحشەری ئەستێرەو

ئەوەتانێ بادە کاتێك جەستەی هیچ نازدارێك ناخاتە گەشکە،

ئەوەتانێ بێزارییە رەهاکانم..

وولاتێکی سەربەخۆم پێکەوەناوە من

بەم تەنهاییەی شەوان،

چرپە چرپی درەختاسای جاران دێتەوە یادم،

ئەوەتانێ حیکایەت بەسەرشکاوی

لەپێش هەقیقەتی قین و یەقینی ئەو..

نازانم ئەمە کاری هەناسە ئاسمانییەکانە

یان باری هێنراوی مەنفایە بۆ ئەم گوڵشەنە تاقانەیە؟

تاقانەبوونە ئەفسانەی بوون و نەبوونی من،

سەروەرییەکی سەیر لەو تەنهاییە درەوشاوانە پێکدێ،

سەروەرییەك ،

وەك زامەکانی رووبار پرشنگ

وەك جوانییەکی ئاوابوو بەئازار..